کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 0:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورد دوای ئازاد بوون!! ... ئاریز کۆیی

کوشتنی (دوعا) لە بەدەرخستنی روی تەواوی واقیعی کۆمەڵگای کوردی شتێکی تر نییە، (ئەمە نەسیاسەتەو نەدەستی بێگانەیە) رەنگ بێ زۆربەتان بڵێن کەمن کۆنە بەعسی بم یاخود سەر بەلایەنەك بم، بۆ من گرنگ نییە چ پێناسەیەکم بۆدەکەن..

کوردینو ئیسلامین، ، کوردی ئیسلام:- هێندەی لەبەیتو بالۆرە بیستومانە، یان لە کتێب خوێندومانەتەوە، یانیش لەسەر دەمی خۆماندا بەچاو بینیومانە، ، چ میللەتێك هەبووو هەیە وەك کورد دوای فەتحی ئیسلام قەومیەتی خۆی لەناو ئیسلام تواندبێتەوەو لەپێناو دیانەتێك کە بەشمشێر بەسەری داسەپاوە شەر لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بکاتو ئەرمەنی ئیبادە بکات؟؟بێئەوەی هیچ بەهرەیەکی بۆ میللەتەکەی خۆی هەبوبێت!! لە سەڵاحەدینی ئەیوبیوە بگرە تا ئەنسار ئیسلامەکانی ئێستا.. ئەمە جگە لە حاجیەکانمان کە دراوسێکەی یان کەسو کاری خۆی نانی شێوی نییە، کەچی ئەچێ بۆ سعودی عەرەبیو گوناهەکانی پاك دەکاتەوە!!!

کوردی سیاسی:-هێندەی لەبەیتو بالۆرە بیستومانە، یان لەکتێب خوێندومانەتەوە، یانیش لەسەردەمی خۆماندا بەچاو بینیومانە، ، تەنیا ناوی ئیسلامەکە گۆراوە بۆ سیاسەتو، کوردی سیاسی هەمان کاری کوردی ئیسلامی کردوە، بەڵام لێرەدا بەناوی شۆرشو کوردایەتیو سیاسەت، ، رەنگ بێ ئیسلامەتی تارادەیەك کاری لەهەندێ کوردی ئیسلام کردبێ کە بەلای دزیو درۆو دەست درێژیو ناموسی خەڵکەوە نەچێت، بەڵام کوردی سیاسی کەنمونە زیندووەکەی ئەم دەسەڵاتەی ئەمرۆیە دەستیان لەم شتانەش نەپاراستووەو بەڵکو دەست گرتنیشیان بەمانەوەی دەسەڵاتەوە لەپێناو درێژە پێدانی ئەم کردارانەیە، ، کوشتنی (دوعا) لەلایەن کۆمەڵێ کوردی (ئێزدین) ە وە ئەوەناگەینێت کەبڵێین ئەم گەلە پیاوەی کە (دوعا) یان کوشت ئیسلام نین بۆیە وایان کرد، ، چونکە گەر ئیسلامیش نەبن کوردن، پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردین، کوشتن بەبەرد یان بەگوللە تەنیا چۆنیەتی رێگای کوشتنەکەیان جیاوازە، ، کوشتنی (فاتیمە) لەساڵی 2002لەشاری (ئۆپسالای) وڵاتی سوید، هەمان کوشتنبو، هەمان عەقڵیەتی کوردی ئیسلام بو، کوردی ئیسلام لەئەوروپا بە عەقڵیەتی خۆی لەناو کافر ئەژیت نابێت کچەکەی تێکەڵی کافر دێت بۆئەوەی رەوشتی تێك نەچێت، ، بەڵام باوکە ئیسلامەکەی درۆ لەگەڵ قانوی ئەم وڵاتە ئەکات، بەدرۆ لەژنەکەی جیا ئەبێتەوە، خانویەکی تر وەر ئەگرێتو بەدزی حکومەت بەکرێی ئەدات، بەدزیەوە کاری رەش ئەکاتو زەریبەنادات، لەلای بەلەدیەی ئەم وڵاتە خۆی بە هەژار نیشان ئەدات، ناوێورێت ماشێنێك بکات بەناوی خۆیەوە، لەکوردستانیش عەرزەو خانوی زۆری کریوەو، ، بە مناڵەکانیشی ئەڵێ ئێوە ئیسلامن نابێ درۆم لەگەڵ بکەن!؟

کوشتنی (دوعا) کوشتنێکی کوردانەی سەد دەر سەد بو، ، بێ هیچ سیاسەتو دەستێکی دەرەکی، ، وە مەسەلەی کوشتنەکەییوچۆنیەتی کوشتنەکەی هیچ گرێ کوێرەیەکی جێ نەهێشت، پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی بە عەشایەرو ئیسلام و دەسەڵاتی سیاسیەوە وادروست بووە کەهەر کەسێ لەدابو نەریتی پێکهاتەکەی لایدا سزای کوشتنە، ، کۆمەڵگای کوردی ئەم سزایەی وەك یاسایەکی سەماوی سەیر کردووەو هەرکەسێ لەسەر ئەم (تاوانە) کوژرابێ، بەکوشتنێکی هەق لەقەڵەم دراوە، لادان لەئیسلامو عەشایەر رونو ئاشکرایە چونکە خەتی سوری چوارچێوەی ئیسلامو عەشایەر ئاشکرایە ئیدیعای هیچ جۆرە دیموکراتیو ئازادیەك ناکات جگە لەو خاڵانەی کە تاکەکانی لەمناڵیەوە پێ گۆش کراوە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا پەیرەو کردنی یاسای حیزبە کوردیەکان شتێکی یەجگار ئاڵۆزەو گەر ئەندامەکانی دوای بەئەندام بونیان، چاویلکەی رەش نەکەنە چاوو گوێیان بەقاوەمۆم نەئاخننو دۆلار نەخەنە سەر ویژدانیان ئەوا دەرچونیان لەدابو نەریتی حیزبەکەیان زۆر ئاسانە، وە لەهەمان کاتیش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەیرەو کردنی یاساکانیان تەنیاو تەنیا بەکەسانی هەل پەرستو ماڵپەرستو خۆ پەرست هەزم دەکرێت، کەئەمرۆ تارادەیەکی زۆر کۆومەڵگای کوردی پێی هەزم کراوە، ، شەری ناوخۆو گەندەڵیو فایل داران نمونەی زیندون، ، شەری پارتەکوردیەکانو پەل کێش کردنی سوپای دەوڵەتانی ئیقلیمش نمونەیەکی زیندوی ترن، ، ئەمەجگە لە شەهید کردنی سەدان کادرو پێشمەرگەولاوی دڵسۆزی کورد بەدەستی حیزبەکەی خۆیانو دواتریش خستنەپاڵی تاوانەکە بۆلای دوژمنو تەمو مژ کردنی چۆنیەتی مەسەلەی شەهید کردنی چەندین پێشمەرگەی تر لەلایەن حیزبەکان خۆیانەوە، ، جا میللەتێك لە کۆمەڵێ شاعیرو پیاو ماقوڵ زیاتر مێژویەکی جوانو پاکی نەبێت لەلایەن ئیسلامەتیەکەییو عەشایرەکەییو شۆرشو پیاوە سیاسەکانیەوە، چۆن گەلە پیاوێکی مێشك بۆگەنو ناوگەڵ بۆگەن (گیانی پاکی دوعا ) بەبەرد هەڵنافرێنن؟؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.